وەرگێڕانی لەفارسییەوە : ئەردەڵان رەحمان تۆفیق



# "راگرتنی پەیوەندی لەگەڵ بورژوازی"

## ژان پۆل سارتەر

ساڵی (١٩٧٢)، ژان پۆل سارتەر، ئەم "رووناکبیرە بورژوا"یە، بەڕێوەبەرایەتی رۆژنامەی مائۆئیستی "ئامانجی گەل" کە بەڕێوەبەرانی پێشووی هەموویان لە دادگا بە تاوانبار ناسرابوون، بە مەبەستی "پێکهێنانی قەیران لە ناوەڕۆکی بورژوازی سەرکوتگەر"، گرتە ئەستۆ. لەو رووەوەی کە "بەردەنگی رۆژنامەکە بورژوا و سەرمایەدار نییە، چونکە نە چاوەڕوانی لێی هەیە و نە دەتوانێ سیمای خۆی تێدا بدۆزێتەوە" سارتەر تێکۆدەکۆشا گرێ کوێرەی ئەم دژواییە بکاتەوە.

بورژوازی هەموو کات و بە حەق، بە دیدەی گومانەوە روانیویەتە رووناکبیران. وەك بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە کە لە راستیدا لە ناوخۆی خۆیان هاتبێتنە دەرەوە. راستیش ئەمەیە کە زۆربەی رووناکبیران، کۆمەڵێك بورژوان، کە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری کولتووری بورژوایی. ئەوان وەك پاسەوانان و ئامرازێك بۆ گواستنەوەی وەها کولتوورێك خۆ دەنوێنن. بە کردەوەش، بە وتەی نیزان (Nizan)، کۆمەڵێك لە تەکنۆلۆژیای زانستی ئەزموون، ڕەنگ، یان زوو، خۆیان دەبنە سەگی پاسەوانی بورژواکان. ئەوانی دیکە کە هەڵدەبژێرن، ئەگەر چی ئەندێشە و فکری شۆڕش بڵاودەکەنەوە، بەڵام هەروا دەستەبژێر دەمێننەوە. دەهێڵن ئەمانە نارەزایەتی دەرببڕن، چونکە بە زمانی بورژوایی قسە دەکەن، بەڵام بەشێنەیی بەرەو لای خۆیان رایاندەکێشن و لە کاتێکی گونجاو، تەنیا بەپێشکەشکردنی پۆستێك و کورسییەکی ئەکادیمی فەرەنسا، یان خەڵاتێکی نۆبێل، یان فێڵێکی دیکە، ئەوان بەرەو لای خۆیان رادەکێشن. لێرەوەیە کە نووسەرێکی کۆمۆنیست دەتوانێت بیرەوەرییەکانی هاوسەرەکەی لە کتێبخانەی نەتەوەیی نمایشبکات، لە کاتێکدا کە وەزیری پەروەردە ئەرکی کردنەوەی پێشانگاکەی



له ئه‌ستۆیه.

به‌م هه‌مووه‌، وه‌ك منیش په‌یدا ده‌بن كه له سالّی (١٩٦٨) به‌م لاوه‌، ئیتر نایانه‌وێت له‌گه‌لّ بورژوازی گفتوگۆ بكه‌ن. له جیهانی راستیدا دۆخه‌كه ئه‌وه‌نده‌ش ساده نییه: هه‌ر رووناكبیرێك بۆ خۆی شتێكی هه‌یه به ناوی به‌رژه‌وه‌ندی ئایدۆلۆژیك. –مه‌به‌ست لێره‌دا كۆمه‌لّه به‌رهه‌مێكی ئه‌وه– تا ئێستا ئه‌گه‌ر نووسه‌ر بێت. من هه‌موو كات خۆم له بورژا دووركردوه‌ته‌وه‌، به‌لاّم به‌محالّه‌شه‌وه به‌رده‌نگی به‌رهه‌مه‌كانی من ئه‌وه‌، به زمانی ئه‌و و لانی كه‌م، كۆنترین نووسراوه‌كانم ده‌توانی كۆمه‌لێك هێما و نیشانه له ده‌سته‌بژێری بدۆزییه‌وه. (١٧)سالّ له‌مه‌وپێش به‌رهه‌مێكی فلۆبیرم كرده بابه‌تی كاری خۆم، كه رای ده‌رهێنه‌ره‌كانی به‌ره‌و لای خۆی راكێشابوو، چونكه به شێوازێكی دژوار و بێگومان بورژوایانه نووسرابوو. دوو به‌رگی یه‌كه‌می ئه‌م به‌رهه‌مه، بورژوا ریفۆرمیسته‌كان، مامۆستایان و خوێندكاران و ئه‌وانه‌ی وه‌ك ئه‌وانكرپان. كتێبێكه كه نه خه‌لّك نووسیویه‌تی و نه بۆ ئه‌وان نووسراوه و ته‌نیا به‌رهه‌می بیركردنه‌وه‌كانی فه‌یله‌سووفێكی بورژوایه، له ماوه‌ی به‌شێكی گرنگ له ته‌مه‌نی ئه‌و. من پێیپابه‌ندم. دوو به‌رگی ئه‌م به‌رهه‌مه چاپكرا و به‌رگی سێهه‌میش ئاماده‌یه بۆ چاپ. له سه‌ر به‌رگی چواره‌م كار ده‌كه‌م. پابه‌ندی من به‌و مانایه‌یه كه (٦٧) سالّم ته‌مه‌نه و له (٥٠) سالّه‌ییه‌وه سه‌رقالّی ئه‌م كاره‌م. پێش له‌مه‌ش زه‌ینم پێوه‌ی خه‌ریكبووه. ئه‌م به‌رهه‌مه (وایدانێین سوودمندیش بووبێت) خاوه‌نی ناوه‌رۆك و كاكلێكی هێرشبه‌رانه بۆ سه‌ر مافی خه‌لّك. لێره‌وه‌یه كه په‌یوه‌ندییه‌ك له نێوان من و خوێنه‌ره بورژواكان دروستده‌بێت. و له‌م رێگه‌یه‌وه‌، منی بورژوا تا كاتێك كه ئه‌م به‌رهه‌مه نه‌گه‌یه‌نمه ئه‌نجام، هه‌روا بورژوا ده‌مێنمه‌وه. سه‌ره‌رای ئه‌مه‌ش، ره‌هه‌ندێكی تریش له مندا بوونی هه‌یه كه به‌رژه‌وه‌ندییه ئایدۆلۆژیكییه‌كانی من ره‌تده‌كاته‌وه و من خۆم وه‌ك رووناكبیرێكی كلاسیك ده‌خه‌مه به‌ر ره‌خنه. ئه‌مه به باشی ئاوزان ده‌كه‌م كه ئه‌گه‌ر نه‌تواومه‌ته‌وه‌، مه‌ودایه‌كی زۆریشم تا ئه‌و قۆناغه نه‌ماوه. كاتێك كه ره‌خنه له خۆم ده‌گرم، یان ئاماده نابم رۆڵی نووسه‌رێكی ده‌سته‌بژێر بگێرم، كه خۆی جیدی گرتووه‌، جاری وا له ناو خه‌لّكانێكدا ده‌وه‌ستم، كه دژی دیكتاتۆری بورژوایی هه‌ستاون، به خه‌بات و به‌رخۆدان. ده‌مه‌وێت به پله‌ی یه‌كه‌م دۆخی بورژوایی خۆی وه‌لا بنێم. هه‌ر بۆیه، دژوارییه‌كی زۆر، تایبه‌ت له من دا بوونی هه‌یه: هه‌م درێژه به نووسینی كتێب بۆ بورژوازی ده‌ده‌م، هه‌م له‌گه‌لّ ئه‌و زه‌حمه‌تكێشانه‌ی كه به‌نیازی رووخاندنی ئه‌م چینه‌ن، هه‌ست به هاوخه‌باتی ده‌كه‌م.

سه‌رچاوه: ژان پۆل سارته‌ر، دۆخه‌كان، بلاّوكراوه‌ی "گالیمار" سالّی (١٩٧٦)



# ئەدەب


زەمەنجێگەیی لەشیعرەکانی ئاراس عەزیزدا..................
ئەناشیزم و هونەر..................................................
هونەر لەچاوەڕوانی فریادڕەسدا..............................
تۆ... تۆکێیت.؟.....................................................
جوجەڵە بۆ سی کەس.............................................


## شیعر


ژاڵە سوهرابی ........................................
حافز موسەوی ........................................
محەمەد میسری ........................................